# وەقایعی کوردستان

**ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات**

**ژمارە (١٧٩) ساڵی چواردەیەم ٣٠ / تشرینی یەکەم /٢٠١٤ زایینی ٩/ گەلارێزان / ٢٧١٤کوردی ٥ /محرم/ ١٤٣٦ کۆچی**

179


## لەم ژمارەیەدا :


**بڕیاری ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠١٤** — لا ١
زیادکردنی ئەندامانی پەرلەمان بۆ لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان

**بڕیاری ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٤** — لا ٣
پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پالاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران

**بڕیاری ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٤** — لا ٤
پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆلینەوەو بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان

**فەرمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٤** — لا ٥
دیاری کردنی ئەرك و فەرمانی ئەندامانی لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

**فەرمان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤** — لا ٦
هەڵبژاردنی سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەری پەرلەمانی کوردستان

**فەرمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤** — لا ٧
دیاری کردنی ئەرك و فەرمانی دوو ئەندام لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانی کوردستان

**پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ ئە نجومەنی دادوەری** — لا ٨
هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو

**ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** — لا ٩
هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ڕێنمایی ڕێکخستنی گواستنەوەی پێداویستیە کشتوکاڵیەکان

**ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** — لا ١٠
ڕێنمایی تایبەت بە هاوردەکردنی بنەتۆی سەوزە ودانەوێڵە لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** — لا ١٣
ڕێنمایی تایبەت بە جێبەجی کردنی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٨)
یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی تەندروستی** — لا ٢٠
ڕێنمایی زیادکردنی یۆد بۆ خوێی چێشت

**بەیانی ژمارە (٨ — ٩)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی داد** — لا ٢٢

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی پەروەردە** — لا ٢٣

**بەیانی ژمارە (٦ — ٧)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی ناوخۆ** — لا ٢٤

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** — لا ٢٤

**بەیانی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** — لا ٢٥

**بەیانی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار** — لا ٢٥

**بەیانی ژمارە (٩١-٩٢-٩٣-٩٤-٩٥-٩٦-٩٧-٩٨-٩٩-١٠٠-١٠١-١٠٢-١٠٣-١٠٤-١٠٥-١٠٦-١٠٧-١٠٨-١٠٩-١١٠)ی ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی تەندروستی** — لا ٢٦

# وقائع كوردستان


**الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل**

**العدد (١٧٩) السنة الرابعة عشرة ٣٠ / تشرين الاول / ٢٠١٤ميلادي ٩ / گەلاریزان/ ٢٧١٤كوردي ٥ / محرم / ١٤٣٦هجري**


# 179

## في هذا العدد:


**قرار رقم (٢٠) لسنة ٢٠١٤ البرلمان كوردستان** ص ٣٠
اضافة اعضاء برلمان الى الجان برلمان كوردستان

**قرار رقم (٢١) لسنة ٢٠١٤ البرلمان كوردستان** ص ٣٣
تشكيل لجنة برلمانية مؤقتة لترشيح اعضاء مجلس المفوضين

**قرار رقم (٢٢) لسنة ٢٠١٤ البرلمان كوردستان** ص ٣٥
تشكيل لجنة مؤقتة للتحقيق ومتابعة التعريف بالجرائم المرتكبة ضد مكونات إقليم كوردستان كجرائم إبادة جماعية

**أمر رقم (٣) لسنة ٢٠١٤ البرلمان كوردستان** ص ٣٦
تحديد مهام أعضاء اللجنة المؤقتة لمراجعة النظام الداخلي لبرلمان كوردستان

**أمر رقم (٤) لسنة ٢٠١٤ البرلمان كوردستان** ص ٣٧
انتخب رئيس لجنة الثقافه والاعلام والفني برلمان كوردستان

**أمر رقم (٥) لسنة ٢٠١٤ البرلمان كوردستان** ص ٣٨
تحديد مهام أعضاء في اللجنتين الدائمتين للبرلمان كوردستان

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٤ وزارة الصحة** ص ٣٨
تعليمات أضافة اليود للملح الطعام


### فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


**النظام رقم (١) لسنة ٢٠١٤ مجلس قضاء** ص ٨

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٤ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ٩

**تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠١٤ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ١٠

**تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠١٤ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ١٣

**بيان رقم (٨ - ٩) لسنة ٢٠١٤ وزارة العدل** ص ٢٣

**بيان رقم (٢) لسنة ٢٠١٤ وزارة التربية** ص ٢٣

**بيان رقم (٦-٧) لسنة ٢٠١٤ وزارة الداخلية** ص ٢٤

**بيان رقم (٨) لسنة ٢٠١٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٤

**بيان لسنة ٢٠١٤ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ٢٥

**بيان رقم لسنة ٢٠١٤ وزارة البلديات السياحة** ص ٢٥

**بيان رقم (٩١-٩٢-٩٣-٩٤-٩٥-٩٦-٩٧-٩٨-٩٩-١٠٠-١٠١-١٠٢-١٠٣-١٠٤-١٠٥-١٠٦-١٠٧-١٠٨-١٠٩-١١٠) وزارة الصحة** ص ٢٦



**No.: 179 Date: October , 30, 2014 Vol.: 14**



http//: www.mojkurdistan.com

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ : (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان – عێراق

## بـڕیـار

ژمارە (20)ی ساڵی 2014

پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (2)ی رۆژی 2014/9/23دا ئەم بڕیارەی دا:

یەکەم: ناوی ئەم ئەندامانەی پەرلەمان کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە دەخرێتە سەر ئەو لیژنانەی بەرامبەر ناوی هەر یەکەیان هاتووە:

| | |
|---|---|
| 1-ایدن معروف سلیم | لیژنەی مافەکانی مرۆڤـ |
| 2-شکریە سمایل مصطفی | لیژنەی کاروباری پەرلەمان |
| 3-یروانت نیسان مارکۆس | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و، وەبەرهێنان |
| 4- بەهزاد درویش درویش | لە هەردوو لیژنەی (ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن) و ( ئاسەوار و ، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار ) |
| 5-عمر صالح عمر | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان |
| 6-کنعان نجم الدین احمد | لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی |
| 7-بەهار عبدالرحمن محمد | لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی |
| 8-شامۆ شیخۆ نعمۆ | لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم |
| 9-کەژاڵ هادی فقێ | لیژنەی کاروباری پەرلەمان |
| 10-بێگەرد دلشاد شکراللە | هەردوو لیژنەی (کاروباری پەرلەمان و (ئاسەوار و ، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار |
| 11- غریب مصطفی حمەخان | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی |
| 12- دلێر مصطفی حسن | لیژنەی کاروباری پەرلەمان |

13-گۆران ئازاد محمد | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت)

14-مریم صمد عبدی | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت

15- عباس فتاح صالح | لیژنەی ئاسەوار و، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار

16-سرکوت سرحد خلیفە | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییێەکان

17-فەرهاد حمە صالح | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان

18-سعید محمد سعید | لیژنەی مافەکانی مرۆڤ

19-د.رێواز فائق حسین | لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

20- صالح فقێ محمد | لیژنەی ناوچە کوردستانەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

دووەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە 2014/9/23ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) یشدا بڵاودەکرێتەوە .

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

## بــڕیــار

**ژمارە** ( 21 )**ی ساڵی** 2014

**پشت بەستن بە حوکمی ماددە(47) و بڕگەی (أ) لە ماددەی (48)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و بەندی (1) لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (4)ی ساڵی 2014 بەپێی ئەوەش کە لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە(2)ی ڕۆژی 2014/9/23ی پەرلەمانی کوردستان- عێراقدا هاتووە, بڕیارماندابە:-**

**یەکەم: پێکهێنانی لێژنەیەکی کاتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران لەم بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە:**

**1- ئومێد عبدالرحمن خۆشناو**

**2- رابون تۆفیق معروف**

**3- بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی**

**4- ابوبکر عمر عبدالله**

**5- حسین اسماعیل حسین**

**6- ڤالافرید ابراهیم**

**7- بەهار محمود فتاح**

**8- گۆران ئازاد محمد**

**دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە 2014/9/23 کاری پێدەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.**

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

## بـڕیـار

**ژمارە (22)ی ساڵی** 2014

**پشت بەستن بە حوکمی ماددەکانی ( 47 , 49,48, 50)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و، بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (2)ی ڕۆژی 2014/9/23ی پەرلەمانی کوردستان – عێراقدا هاتووە ، بڕیارماندا بە :-**

**یەکەم: پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەم بەرێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە:**

**1- بەیار طاهر سعید**

**2- شامۆ شیخۆ نعمۆ**

**3- د.ڤالا فرید ابراهیم**

**4- د.جوان اسماعیل عزیز**

**5- بیستون فائق محمد**

**6- تەلار لطیف محمد**

**7- سالار محمود مراد**

**8- سۆران عمر سعید**

**9- بەهار عبدالرحمن محمد**

**10- ایدن معروف سلیم**

**11- وحیدە یاقو هرمز**

**دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە 2014/9/23 کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.**

**يوسف محمد صادق**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**
**ژمارەی فەرمان :** ( 3 )
**رۆژی دەرچوونی :** 2014/9/10

**فەرمان**
**ژمارە** ( 3 )**ی ساڵی** 2014

**پشت بە بڕیاری ژمارە (10)ی دەرچووی رۆژی 2014/6/16ی پەرلەمانی كوردستان- عێراق ، ئەم ئەندامانەی خوارەوە لە لیژنە كاتی بۆ پێداچوونەوە بە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان - عێراق ئەم ئەرك و فەرمانانە دەگرنە ئەستۆ كە بەرامبەر هەریەكەیان دیاری كراوە:-**

| | |
|---|---|
| **1- د. فرست صوفی علی** | **سەرۆكی لیژنە** |
| **2- قارمان قادر فتاح** | **جێگری سەرۆك** |
| **3- گەشە دارا جلال** | **بڕیاردەر** |

**جعفر ابراهیم ئیمینكی**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی فەرمان :** ( 4 )
**ڕۆژی دەرچوونی :** 2014/9/24

**فەرمان**
**ژمارە** ( 4 )**ی ساڵی** 2014

**پشت بە بڕیاری ژمارە (4)ی دەرچووی ڕۆژی 2014/5/7 ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق و حوکمی بڕگە (3) لە ماددەی (39)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەمووارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمان :-**
**بەڕێز (فرحان جوهر قادر) هەڵبژێردرا بە سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر.**

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی فەرمان :** ( 5 )
**ڕۆژی دەرچوونی :** 2014/9/30

**فەرمان**
**ژمارە** ( 5 )**ی ساڵی** 2014

**پشت بە بڕیاری ژمارە (4)ی دەرچووی ڕۆژی 2014/5/7 ی پەرلەمانی کوردستان -عێراق وحوکمی بڕگە(3) لە ماددەی (39)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی1992ی پەرلەمان ، ئەم ئەندامانەی خوارەوە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئەم ئەرك وفەرمانانە دەگرنە ئەستۆ کە بەرامبەر هەریەکەیان دیاری کراوە:**

**1-لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن :**

| | |
|---|---|
| **عباس فتاح صالح** | **جێگری سەرۆك** |

**2-لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان:**

| | |
|---|---|
| **شیلان جعفر علی** | **جێگری سەرۆك** |

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ئه نجومەنی دادوەری**
**ژمارە :** 1980 **لە** 2014/9/22

**پشت بە حوکمی بڕگەی شەشەم لە مادده (34) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (23)ی ساڵی 2007 ، ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگی ئامادەبووان بڕیاریدا بەدەرکردنی ئەو پەیڕەوەی خوارەوە:-**

**پەیڕەوی ژمارە** ( 1 )**ی ساڵی** 2014

**هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئه نجومەنی دادوەری ژمارە** ( 1 )**ی ساڵی** 2008**ی هەموارکراو**

**مادده** ( 1 )

**ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە دەکرێتەوە و دەخرێنە سەر مادده(7) فەسلی حەوت لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری وە بڕگە (9 و10) یان بۆ دادەنرێت .**
**بڕگە 9/ بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری ( الخدمات ) .**
**بڕگە10/ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون ( المتابعە ) .**

**مادده :** ( 2 )

**ئەو پەیڕەوە جێ بە جێ دەکرێت لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری لە 2014/9/17 وە بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .**

**أحمد عبدالله زبیر**
**سەرۆکی ئه نجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە** 7058 **لە** 2014/9/4

**ڕێنمایی ژمارە** (2)**ی ساڵی** 2014
**هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە** (2)**ی ساڵی** 2013
**ڕێنمایی ڕێکخستنی گواستنەوەی پێداویستیە کشتوکاڵیەکان**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (5) بڕگەی (3) لەیاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2010 بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایە:**

**1-هەموارکردنی برگەی (3) لە ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2013 ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستن و گواستنەوەی پێداویستیە کشتوکاڵیەکان بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و لە نێویشیاندا بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

**( 1,3) وەدەست هێنانی ڕەزامەندی پێش وەخت لە ب.گ کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندار / ب. خزمەت گوزاری کشتوکاڵی وەردەگیرێت لە ڕێگای داوایەك کە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە:-**

**أ- جۆرو برو ڕێژەی پێکهاتەی پەینەکە.**

**ب- کێشی هەرکیسەیەك یان قەبارەی دەفرەکانیان سەبارەت بە پەینی شل.**

**ج- ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە (جهە التجهیز) واتا شوێنی هاوردنی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەرەوەی وڵات یان لەڕێگەی کۆمپانیایەکی ڕێگە پێدراوە وەهاتبێت .**

**د- دیاری کردنی ئەو بازگەیەی لێوە دێتە ژوورەوە.**

**2-ئەم ڕێنمایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت .**

**عبدالستار مجید قادر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە** 7462 **لە** 2014/9/16

**پاڵپشت بە ماددەی (3) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی ساڵی (2010) ، بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنێتی و بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی هاوردەکردنی بنە تۆی جۆراو جۆر ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-**

**ڕێنمایی ژمارە ( 3 )ی ساڵی 2014**

**ڕێنمایی تایبەت بە هاوردەکردنی بنەتۆی سەوزە ودانەوێڵە لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی ( 1 )**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەمانەن**

**1-بنەتۆ/ بەشێکە لە ڕووەك کە بەکاردێت بۆ زیادبوون وەك (تۆو، سەرك (درنات )، نەمام براله (فسائل ) ، پیاز ، پەل (عقل) ، گۆپکە ( طعم )**

**2-کۆمپانیا:- بریتیە لەودەزگایەی کە بڕوانامەی دامەزراندنی هەیە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/ب.گ تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان، کە لە بڕوانامەکەدا ئاماژە بە پسپۆریەکەی درابێت لە بواری کشتوکاڵ.**

**3-بنەتۆی سەوزە:- ئەم ڕێنماییانەی گشت ئەو بنەتۆیانە دەگرێتەوە کەلە ڕووی زانستیەوە وەك سەوزە هەژماردەکرێت بێجگە لە بنەتۆی پەتاتە.**

**ماددەی ( 2 )**

1- دەبێت جۆری بنەتۆیەكە تۆمارو‌پەسەندكراو(معتمد) بێت لەلایەن لێژنەی نیشتمانی عێراقی بۆ تۆماركردن و پەسەندكردنی جۆرەكانی كشتوكاڵی ، یان بەردەست (متداول) بێت بەمەرجیك پێش وەختە رەزامەندی لایەنی پەیوەنداری پێبێت.

2- گۆڕانكاری بۆ ماوەیی ( تعدیل وراثی) لەسەرنەكرابێت .

3- بەپێی ئاكارەكانی رێكخراوی (INTERNATIONALSEEDTESTINASSOCIATION - ISTA ) بێت

**ماددەی ( 3 )**

1- ئەو كۆمپانیایانەی كە لە هەرێم تۆماركراون مافی هاوردنیان هەیە و دەبێت مۆڵەتی هاوردەكردنیان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبێت.

2- ئەو كۆمپانیایانەی كە لە پارێزگاكانی تری عێراقی فیدراڵ تۆماركراون دەبێت رەزامەندی نوسراوی وەزارەتی كشتوكاڵی عێراقی هەبێت كە ئاڕاستەی وەزارەتمان كرابێت.

**ماددەی ( 4 )**

1- هەر داوایەك پێشكەش بكرێت لەلایەن ئەو كۆمپانیایانەوە بۆ هاوردە كردن دەبێت لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی پارێزگای پەیوەندار بێت پاشان بەرز دەكرێتەوە بۆ وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون بۆ وەرگرتنی رەزامەندی كە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی (خزمەتگوزاری كشتوكاڵی) و (بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنان و پەسەند كردنی بنەتۆ)كاری پێویستی بۆ دەكەن .

2- دەبێت بنەتۆیەكە لە كۆمپانیای یان دەزگای بەرهەمهێنەری رەسەنی خۆی هاوردە بكرێت .

**ماددەی ( 5 )**

پێویستە بنەتۆی هاوردەكراو ئەو بەڵگەنامانەی لەگەڵدا بێت :-

1- بڕوانامەی سەرچاوە .

2- بڕوانامەی سەلامەتی تەندروستی رووەك .

3- بڕوانامەی (CERTIFICATE OF CONFORMITY – COC) .

4- بڕوانامەی پشكنین و باوەڕ پێكردنی وڵاتی بەرهەمهێنەر( دەبێت بەرواری پشكنین(6) شەش مانگ تێپەر نەكات لە بەرواری هاتنە ناوەوەی مەرزی پەیوەندیدار ) .

5- دەبێت گشت ئەو بەڵگەنامانە راستاندنی بۆكرابێت لەلایەن بالوێزخانەی عیڕاقی لە وڵاتی پەیوەند.

**ماددەی ( 6 )**

1-دەبێت جۆری عەبوەکان گونجاو بێت لەگەڵ جۆری بنەتۆیەکە بەمەبەستی پاراستنی رێژەی زیندوویەتی یان شین بوون لەگەڵ دابین کردنی مەرجی گواستنەوەی پێویستی تایبەت بۆ هەندێك جۆری بنەتۆ .

2-پێویستە ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە لێبلی سەر عەبوەکان تۆمار کرابێت :

2 - 1. ناوی بنەتۆ و جۆرەکەی .

2- 2. بەرواری بەرهەمهێنانی بنەتۆ .

2 - 3. رێژەی شین بوون کە نابێت لە 85% کەمتر بێت .

2 - 4. ڕێژەی پاکی (PURITY) کە نابێت لە 97% کەمتربێت .

2- 5. ناوی کۆمپانیاو دەوڵەتی بەرهەمهێنەر .

2- 6. ژمارەی بارکردن (.LOT NO) .

2- 7. ناو وجۆری ئەو ماددە کیمیایانەی کە موعامەلەی پێکراوە پێش تەعبئە کردن .

2- 8. کێشی هەر عەبوەیەك یان ژمارەی بنەتۆیەکان .

2- 9. گشت ئەو زانیاریانە دەبێت بە شێوەیەکی روون نوسرابێت بەمەرجێك یەك لەو زمانانەی تێدابێت ( کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ) و بەئاسانی ڕەش نەکرێتەوە ئەو لێبلانە توانای لێ کردنەوەیان یان دەستکاریان نەبێت .

ماددەی ( 7 )

1-تەنها لە خالی سنووری(ئیبراهیم خلیل)و(هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەرێم ) رێگە بە هاوردە کردنی بنەتۆ دەدرێت .

2- گواستنەوەی بنەتۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق دەبێت نوسراوی لاری نەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەو لایەنەی هەبێت کەبۆی دەگوازرێتەوە .

ماددەی ( 8 )

1- پاش گەیشتنی بنەتۆیەکە بۆشوێنی مەبەست دەبێت بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرهەمهێنان و پەسەند کردنی بنەتۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان ئاگادار بکرێتەوە بەمەبەستی پشکنین و وردبین کردنی بەڵگەنامەکان و لەکاتی هەبوونی هەر کەم و کورتیەك دەبێت بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێی هاوردە کراوە .

2- ئەوجۆرەبنەتۆیانەی کە بۆ توێژینەوە یان پەسەند کردن هاوردە دەکرێت دەبێت بەبوونی بەڵگەی پێویست و مەرجی تایبەت و بەشێوەی چاودێری کردن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندار ئەنجام بدرێت .

3- پەیوەند بەهاوردە کردنی بنەتۆی گەنم و جۆ ماوەی مانگێك پێش پرۆسەی وەرگرتن لە سایلۆکان رادەگیرێت تا تەواو بوونی پرۆسەکە , هەروەها سالأنە رێنمایی دەردەکرێت بۆ دیاری کردنی جۆرو بڕی رێگە پێدراو .

4- زانیاریەکانی ماددەی (5) و (6) دەبێت هاوشێوەی یەکبن .

**ماددەی ( 9 )**

کار بەم رێنماییانە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) .

**عبدالستار مجيد قادر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە** 8507 **لە** 2014/10/28

## رێنمایی ژمارە ( 5 )ی ساڵی 2014

### رێنمایی تایبەت بە جێبەجی کردنی یاسای ژمارە ( 1 ) ی ساڵی ( 2008 )
### یاسای رێکخستنی مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی حەوتەم لە یاسای رێکخستنی مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2008) بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنمایە :-

**ماددەی یەکەم :**

نیاز لەو دەستەواژانەی دادێت بۆ مەبەستی ئەو رێنماییە ئەو مانایانەیە کە بەرامبەریان روون کراوەتەوە:

1- وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

2- وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

3- بەڕێوەبەر: بەڕێوەبەری چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریەتی.
4- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارە تایبەتەکان.
5- یاسا: یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (1) ی سالی (2008)
6- یاسای چاکسازی کشتوکاڵی : یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117)ی ساڵی (1970) و هەموارکردنی ئەو ڕێنماییانەی بە پێی یاساکە دەرچوون.
7- زێدەڕۆیی : بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی و بێ ئەوەی بریاری دابەش کردن یان گرێبەستی هەمیشەیی هەبێت یان بەبێ مەرجی یاسایی زەویەکە بەکاربهێنێ.
8- بەکارهێنەر: هەرکەسێ زەوی کشتوکاڵی بەکاربهێنێ و مەرجەکانی یاسایی تیابێت بۆ گرێبەست کردن لە گەڵیا و دەسکاری بە زەویەکەش کردبێ تەنها بۆ مەبەستەکانی کشتوکاڵی.

**ماددەی دووەم :**

مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی (میری) دەچەسپێندرێت بە ناوی جوتیاران کە زەوییان بەسەردابەش کراوە یان گرێبەستیان لەگەڵداکراوە بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی بە مەرجێ بریارەکانی دابەش کردن پەسندکرابن و پێشتر پووچەڵ نەکرابێتەوە گرێبەستەکانیش لەکاردابن و نوێ کرابنەو و جۆری زەویەکەش دەکرێتە (مولکی دەولەت و مافی دەسکاری دەدرێتە جووتیار).

**ماددەی سێ یەم :**

پێویستە لەسەر خاوەن مافی دەسکاری بەردەوام بێت لەبەکارهێنانی زەویەکە بۆ مەبەستەکانی کشتوکاڵی و بایەخی پێ بداو و کرین و فرۆشتنی پێ ی نەکرێت تاکو (5) سال بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی زەویەکەی بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکار نەهێنێت مافی دەسکاری پووچەڵ دەکرێتەوە بە بریارێك لە وەزیرەوە و زەویەکەشی لێوەردەگیرێتەوە و تۆمار دەکرێتەوە بەناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بێ بەرامبەر .

**ماددەی چوارەم : مەرجەکانی گرێبەست کردن :**

1- پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە هەڵسوکەوتی کردبی لەسەر زەوی کشتوکاڵی میری و هەڵسابێت بە داچاندنی زەویەکە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و بایەخی پی دابی و دامەزراوەی نا کشتوکاڵی لەسەر دروست نەکردبێت وەکو ( ڤیلاو و خانوو و مەلەوانگەو و پارك و شورەکردن و هتد...) و بەمەرجێك رووبەرەکەی زیاتر نەبێت لە یەکەی دابەش کردنی کەرتەکە وخەلك ودانیشتوی گوندەکە بی بەکردەیی و بەهیچ شێوەیەك مووچە خۆر نەبیت و مەرجەکانی یاسایی تیدابیت بۆ گریبەست کردن لەگەلیان وە هیچ کێشەیەك لەسەر زەویەکە نەبێت .

2- پێویستە لەسەر داواکاری خۆی پیشکەش بە لیژنەکانی کارگێری زەوی و زار لە قەزا و ناحیەکان بکات لە ماوەی (120) رۆژ لە رۆژی دەرچوونی ئەم رێنماییە بۆ تەماشاکردنی و لێکۆلینەوە لە بوونی مەرجەکانی یاسایی بەپێی برگەکانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی و غەیری ئەوانەی گریبەستیان نیە و بێجگە لەو زەویانەی کە تەسوییەیان تەواو نەبووە و یاخود مافی بەکارهێنانیان نەچەسپاوە و زەوی بەردەلانی وپاوان ولەوەرگا خۆش نەکرابیت.

3- پێویستە ئەو کەسانە مەرجی یاسایان تیدابیت و دەبی بڕی کرێیەکە بدەن کە کەوتوّتە ئەستۆیان بۆ ئەو سالانەی کە بە کردەیی (فعلی) بەکاریان هێناوە و مافی چەسپاندنی دەسکاری بە ناو دەکرێت دوای تیپەربوونی سێ ساڵ بەسەر مێژووی گرێبەست کردن بەپێی یاسای سەرەوە پاش دڵنیا بوون لە پابەند بوونی بە مەرجەکانی گرێبەستەکە.

4- لیژنەیەك دادەنریت لە بەرێوەبەرایەتی چەسپاندنی ماف و رێکخستنی خاوەنداریەتی بۆ وردبین و لێکۆلینەوە و بریار دەدات کە گریبەست و قەرەبوو کردن بۆ جوتیارەکان بکریت ئەگەر گشت مەرجەکانی جوتیاری تیدابیت.

**ماددەی پێنجەم:**

**یاساکە ئەمانەی خوارەوە ناگرێتەوە:**

1- ئەو زەویانەی کە کاری (تسویە) یان چەسپاندنی مافی دەسکاری بۆ نەکراوە و یاسای ژمارە (32) ی ساڵی (2007) ئەیانگرێتەوە.

2-زەویە تەرخان کراوەکانی سوودی گشتی لەوانە (زەوی گوند- دارستان و لەوەڕگاکان- قەبرستان......هتد)

3-ئەو زەویانەی ژێر ئاو دەکەون و یان قەراغ ئاون.

**ماددەی شەشەم:**

بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم یاسایە بە فەرمانی وەزیر ئەم لیژنانەی خوارەوە پێك دێت :

**یەکەم :** لیژنەکانی چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریەتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پاریزگاکان پێك دەهێندرێت بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێکی کشتوکاڵی پسپۆر لە بواری زەوی و زار و ئەندامیەتی دوو ڕووپێو و نوێنەری تۆمارکردنی خانووبەرەی ناوچەی پەیوەندیدار و نوێنەری یەکێتی جوتیارانی ناوچەکە و هەڵدەستێ بەم کارانەی خوارەوە:

1- ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی کارگێری ناوچەکە بە نوسراو بە ڕۆژی دەست بەکاربوونی لیژنەکە و ئاگادارکردنەوەی جوتیارەکان کە ماددەی دووەم لەو ڕێنماییە دەیانگرێتەوە کە ئامادەبن لە کاتی دیاری کراو لەلایەن لیژنەکە (پاش 15 ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوە) ئەم ئاگادارکردنەوەش رادەگەیەندرێت بە هەڵواسینی وێنەیەکی ئاگادارییەکە لە بنکەی یەکە کارگێریەکان و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکی بەربڵاو لە ناوچەکە و وێنەیەکی ئاگاداریەکە لە دەرگای مزگەوتی گوندەکە هەڵدەواسرێت.

2-لیژنەکە هەڵدەستێت بە داواکردنی وێنەی تۆماری نوێی پارچە زەوییەکان و نەخشە لە فەرمانگەکانی تۆمارگای خانووبەرە کە دوا (أفرازات)ی ئەنجامدراوی لەسەر دەست نیشان کرابێت.

3-لیژنەکە دەچێتە شوێنی کارەکە لە ڕۆژی دیاری کراو لە ئاگاداریەکە و ژمارەیەك لە جوتیارەکان هەڵدەبژێرێت یاخود دەستەیەکی هەڵبژێردراوی گوند بۆ سوود وەرگرتن لە زانیاریەکانیان.

4-لیژنەکە هەڵدەستێت بەڕوومالّینی پارچەکان و دیارکردنی ڕووبەری بەکارهێنراو بەڕاستی و ڕوون کردنەوەی تەواوی لەسەر نەخشە بە مەبەستی چەسپاندنی مافی دەسکاری وەکو دیاری کردنی ژمارەی پارچەکە و کەرتەکە و ناوی کەرتەکە و ناوی ناحیە و قەزا و لەگەڵ دیاری کردنی پێوەری نەخشەکە و هەرچی زانیاری تر لەسەر نەخشەکە و تۆمارکردنی ژمارەکردنی پارچە زەویەکان و شوێنی گوند و کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ و زەویەکانی سوودی گشتی و ڕووبەرەکانی تەرخانکراو بۆ فەرمانگەکانی میری لەگەڵ دیاری کردنی ڕووبەرەکانیان و هەروەهاش ئەو ڕووبەرانەی کە ناشێن بۆ چاندن.

5- پاش ئەوەی لیژنەکە ڕوومالّی پارچە زەویەکەی کردوو و ڕووبەرەکانیان دیاری کراو ووردبینی ناوەکانی جوتیارەکان دەکات کە ماددەی دووەمی ئەو ڕێنماییە دەیانگرێتەوە ، لێژنەکە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کۆنوسێك بە تەواوی کە ئەمانەی خوارەوەی تێدابێت:-

أ- ژمارەی پارچەکە و کەرتەکە و جۆر و رەگەزی زەویەکە و رووبەر و سنووری (واقع حالی) و دیاری کردنی شوێنەکەی لە باکور یان باشووری هێلی باران بارین دایە ئەگەر زەویەکە پشتاوبوو وە چەندیشی دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانیەکان.

ب- جۆری بەرووبوومی چێندراو.

ج- جۆری ئاودێری و ئاستی بەش کردنی ئاوەکە و هۆکارەکانی ئاودان و سەرچاوەکانی.

د- دیاری کردنی بە پیتی زەویەکە.

هـ- ئەو مافانەی کە هەیەتی و لەسەریەتی ( وەکو مافی ڕێرەو و ئاوخواردنەوە و هات و چۆ)

و- ئەو رووبەرانەی کە بەدار داچێندراون و لەگەڵ جۆر و چڕی ژمارەی دارەکان لە هەر دۆنمێك و تەمەنیان و رووبەرەکانی داچێنراو و هەرچی لەسەر دروست کراوە لە دام و دەزگاکانی سوودی گشتی و تەرخان کراو بۆ فەرمانگەکانی دەزگا و کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ و شوێنەواری دێرین و رووبەرەکانی میری و دیارکردنی رووبەرەکانیان.

ز- هەرچی زانیاریەکی دیکە .

سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە واژوو لەسەر کۆنوس و نەخشەکە دەکەن و بیر و رایان دیاری دەکەن لەسەر خاوەن داواکەی مافی دەسکاری بەپێی یاسا کە دەیانگرێتەوە یان نا لەگەڵ روون کردنەوەی هۆیەکە، پاشان بەرزیان دەکاتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا.

دووەم:

لیژنەی بە دواداچوونەوە لە پارێزگاکان پێك دێت لەبەرێوەبەری زەوی وزار و فەرمانبەرێکی کشتوکاڵی شارەزا لە بواری زەوی وزار و ئەندامیەتی رووپێویك ، ئەرکیان بە دواداچوونەوەی کارەکانی لیژنەکانی چەسپاندنی ماف و رێکخستنی خاوەنداریەتی و هەڵوەستەکردن لەسەر گشت گیروگرفت و چارەسەرکردنی کێشەکانی کە رێگرن لە بەرێوەچوونی کاری لیژنەکان و لیژنەی بەدواداچونی چەسپاندنی ماف و رێکخستنی خاوەنداریەتی ئاگاداردەکاتەوە بەراپۆرتی مانگانە بەکارەکانی لیژنەکانی چەسپاندنی ماف و رێکخستنی خاوەنداریەتی بۆ جوتیاران لەسنوری پارێزگا.

سێیەم:

لیژنەی ووردبینی : پێك دەهێنرێت لە فەرمانبەرێکی شارەزا لە کاروباری زەوی و زار و ئەندامیەتی رووپێوێك و فەرمانبەرێکی شارەزا لە بواری کۆمپییوتەر، ئەرکەکەی ووردبینی کردنی کۆنوسەکان و

نەخشەکانی بۆی هاتووە لە لایەن لیژنەکانی چەسپاندنی ماف و تەواوکردنی کەم و کورتیەکانی سەرەڕای هەڵسان بەکۆپی کردنی نەخشەکان و بەراییەکانی بابەتەکان بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ فەرمانگەکانی پەیوەندار..

دوای تەواو بوونی وورد بینی کردن ،کۆنوسەکانی چەسپاندنی مافی ئەوانەی یاساکە دەیانگرێتەوە لەگەل هەموو بەلگەنامەکان بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەت بۆ پەسندکردن.

**چوارەم:**

لیژنەی بەدواداچوونەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریەتی پێك دێت لە بەڕێوەبەری چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریەتی و بەرپرسی بەشی ڕێکخستنی خاوەنداریەتی و فەرمانبەرێکی شارەزا لە زەوی و زار و ڕووپێویك.

**پێنجەم:**

بەشی ڕێکخستنی خاوەنداریەتی لە بەڕێوەبەرایەتی چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریەتی هەڵدەستیت بە ووردبینی کردنی کۆنوسەکان وبەڵگەنامەکانی بۆی هاتووە لە لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کشتوکاڵی پارێزگاکان و بۆی هەیە کەم و کورتیەکان تەواو بکات ئەگەر هەبوو یاخود گەرانەوەی بۆ لیژنەکان بۆ تەواوکردنی کەم وکورتیەکان و راست کردنەوەی هەڵەکان و پاشان بەرزکردنەوەی بۆ وەزیر بۆ پەسند کردن .

**ماددەی حەوتەم:**

پاش پەسندکردنی کۆنوسەکانی چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریەتی لەلایەن وەزیر :

بەڕێوەبەرایەتی چەسپاندنی ماف و ڕێکخستنی خاوەنداریەتی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرەی پەیوەندیدار ئاگاداردەکاتەوە و یان ب . گ کشتوکاڵ لە پاریزگاکان بۆ تۆمارکردن و راست کردنەوەی تۆمارەکانیان بەم پێ یە و کرێیەکی رەمزی دیاری دەکرێت لەلایەن لیژنەکانی پسپۆر لە پاریزگاکان ئەمەش بە رەچاوکردنی بەپیتی زەویەکە و شوێنی دووری لە پارێزگاکان و قەزاکان و ناحیەکان و جۆری ئاودانی و کە دەبێتە بنەمایەك بۆ وەرگرتنی باجی یاسایی لەلایەن فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.

**مادده هەشتەم:**

دەبێت فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە وێنەیەکی نەخشەی کۆتایی جیاکراوەکان (ألافراز) بداتە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی کشتوکاڵ.

**ماددەی نۆیەم:**

کاری چەسپاندنی مافەکانی دەسکاری دەکرێت بۆ ئەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بە مەرجێ رووبەرەکە تێپەڕنەکات لە ڕادەی یەکەی دابەش کردنی دیاری کراو لە ماددەی شازدەهەمی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** دەبێت بەرزترین ڕادەی مافی خاوەنداریەتی لەو زەویانەی کراونەتە مولکی دەوڵەت و ئەو زەوییانەی کراونەتە مولکی سرف بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەکو خوارەوە بێت.

1-لە زەوی دێمی پشت ئاو (1000) هەزار دۆنم لەو زەوییانەی دادەچێندرێت بە هەموو جۆرە بەروبومێك.

2-لە زەوی بەراو /أ-(150) سەد و پەنجا دۆنم لەو زەوییانەی ئاو دەدرێن بەبێ هۆ.

ب-(200) دوو سەد دۆنم لەو زەوییانەی ئاودەدرێن بە هۆی ئامێر.

**دووەم:** ئەگەر خاوەن مافی دەسکاری یان خاوەن مولك لە زەوی بە موڵك کراو مولکێکی سرف لە ئاکامی میرات رووبەرێکی بەرکەوت و رووبەرەکە لەو رادەیە زیاتر بوو لەو سنوورەی دیاری کراوە لە سەرەوە ئەوا رووبەرە زیادەکە دەستی بەسەردادەگیرێت و تۆمار دەکرێت بە ناوی میری بۆ مەبەستی کشتوکاڵی.

**سێیەم:** هیچ ئاکامێك و گۆرانکاریەك روونادات لە کاتی گۆرینی ریگەی ئاودان جا چ بە کاری میری یان کاری خاوەن زەوی لەو رووبەرانەی ئاماژەپێکراو لە برگەی (یەکەم) لە ماددەی دەیەم.

**ماددەی یازدەهەم:**

**یەکەم:** ئەم ڕادانەی دیاری کراو لە خوارەوە دەبێتە نزمترین ڕادەی ئابووری بۆ زەوی کشتوکالی و ڕەز و باغ

1-(25) بیست و پێنج دۆنم لە زەوی کشتوکاڵی دێمی .

2-(5) پێنج دۆنم لە زەوی کشتوکاڵی کە ئاودەدرێت بە هۆی ئامێر.

3-(2/5) دوو دۆنم و نیو لە زەوی بەراو.

4-(1/5) دۆنمێك و نیو لە رەزوباغ.

**دووەم:** بە مەبەستی هاندانی لابردنی (شیوع) لەو زەویانەی کە لەو رووبەرانە کەمترە کە ئاماژەی پێ کراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە مامەڵەکانیان دەبەخشرێن لە باجی دادوەری.

**ماددەی دوانزەهەم:**

هیچ مافێکی یاسایی نادرێت بەو کەسەی کە زێدەرۆیی کردۆتە سەر زەوی کشتوکاڵی و رەز و باغ.

**ماددەی سێزدەهەم:**

لەکاتی کوژاندنەوەی مافەکانی دەسکاری لەو زەویانەی کە یاساکە دەیانگریتەوە لە ناو سنووری شارەوانیەکان خاوەنەکانیان قەرەبوو دەکرێتەوە بە رێژەی (3%) لە رووبەری کوژێندراوە بە شێوەی زەوی نیشتەجێی فەرزکراو و تۆماردەکرێ بە ناویان لە جۆری مولك سرف ئەمەش لە رێکەوتی دەرچوونی یاسای ژمارە (5ی ساڵی 2007) لە رۆژی (2007/5/20) بە دواوە بەڵام ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان کاری کوژاندنەوەیان بۆ دەکرێت بەپێی ئەو یاسا و رێنمایانەی کە ئیستا کاری پێ دەکرێت.

**ماددەی چواردەم:**

کار بەم رێنماییە دەکرێت لە رۆژی بڵاوبونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ماددەی پانزەهەم:**

لەرۆژی بڵاوبونەوەی ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کار بە هیچ رێنماییەکی تر ناکرێت.

**عبدالستار مجید قادر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارتی تەندروستی**
**ژمارە :** 12837 **لە** 2014/9/11

پاڵپشت بە بڕگەی پێنج لە ماددەی 22 لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە 89 ی ساڵی 1981 ئەم رێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :

**رێنمایی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**
**رێنمایی زیادکردنی یۆد بۆ خوێی چێشت**

**یەکەم :**

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە چاودێری کردنی رێژەی یۆد لە خوێی بەرهەمهێنراوی ناوخۆیی و هاوردە کراو ، لە سەرتاسەری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق .

**دووەم :**

رێگری لە بەرهەمهێنەران و هاوردەکاران و فرۆشیاران دەکرێت خوێی بەکارهێنراو لەلایەن مرۆڤەوە بفرۆشن ئەگەر یۆدی تێدا نەبێت بەرێژەیەك کە کەمتر نەبێت لە 50ملگم / کگم و زیاتر نەبێت لە 80 ملگم / کگم ، بە پێی ستاندەردی پێوانەی عێراقی (برگەی 4 - 9 / 2003 ) .

**سێیەم :**

گشت خاوەن کارگەکانی پالاوتنی خوێ کە خوێی شۆراوە بە یۆد بەرهەم دێنن لە سنووری خاکی هەرێمی کوردستان ، ئەمانەی خوارەوەیان لەسەر دەسەپێنرێ :

1- پێویستە کارگەکانیان گشت ئەو ئامێرە پێویستانەی تێدابێت کە تایبەتن بە تێکەڵکردنی یۆد بە خوێ

2-سەردانیکردنی لایەنی تایبەتمەند و پەیوەندار لەوەزارەتی تەندروستی تاوەکو شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی بڕی یۆدیان پێبدەن و رێژەی سەدی یۆدیان بۆ دیاری بکەن .

